# سوارەی ئێلخانی زادە و

# هەندێک لایەنی کەمتر باس لێوەکراوی ژیان وکارەکانی

ئەنوەر سوڵتانی

*ئەم وتارەم دوو ساڵ پێش ئێستا لە سەر خواستی دۆستێکی خۆشەویست نووسی و ناردم بۆ برادەرێکی بەڕێز کە نەمدەناسی بۆ ئەوەی بەشێک بێت لەو لێکۆڵینەوەی وا سەبارەت بە نەمر سوارەی ئێلخانی زادە دەیکرد. چەند ڕۆژ پێش ئێستا وتارەکەم بە چاپکراوی لە یەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ چاپی سلێمانیدا بینی وابزانم هی هەمان ساڵی ۲۰۱۳ بوو. هەندێک شوێنی وتارەکە لە چاپکردندا قرتا بوون کە دڵنیام هەڵەی تایپ و دیزاین نەبێت شتێکی تر نەبوو. لە هەندێک شوێنی تریشدا چەند هەڵەی بچووک ڕوویدابوو کە بەلای منەوە و بۆ ناوەرۆکی وتارەکە گرنگ بوون. بۆ نموونە، نووسیبووم ئێمە لە بۆکان کاک سوارەمان بە 'کاک سوار' بانگ دەکرد و منیش لە ساڵانی ژیانی تاراندا هەرکاتێک چاومان بە یەکتر بکەوتایە هەر بە کاک سوارم بانگ دەکرد، بەڵام لە چاپی ڕۆژنامەکەدا ئەوانەش ببوون بە کاک سوارە و ڕستەکان واتایان نەمابوو. هەر بۆیەش بە سپاسی زۆر لە دۆستی خۆشەویستم و ئەو برادەرە نەناسراوە جێگەی ڕێزە و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لێرەدا جارێکی دیکە وتارەکە بڵاو دەکەمەوە. یەک دوو خاڵ لە وتارەکەدا هەن کە هیوادارم بکەونە بەر سەرنجی لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی. ئەنوەر، ۲۰۱۵/٦/٥*

دوای بڵاو بوونەوەی ووتاری پسپۆڕانەی کاک سەلاحوددینی موهتەدی لەسەر ژیان و بەرهەمی شیعریی کاک سوارە لە گۆڤاری "مامۆستای کورد" لە هەشتاکاندا، بزووتنەوەیەک بۆ ناسین و ناساندنی سوارە دەستی پێکرد و لێرەو لەوێ چەند وتارێک نووسران و بڵاوبوونەوە و دوایین کاری بەرچاوی بوارەکەش کتێبی کاک محەممەدی بەهرەوەر بوو کە لەساڵی ۲۰۱۱ دا بڵاو بووەوە و چەند ووتاری باشی گرتبوە بەر[1].

شایانی باسە، چ لە ووتارەکانی ناو کتێبی بەهرەوەر و چ لەو سەرەتایانەی وا بۆ چاپی کتێبەکانی سوارە نووسراون (بۆنموونە، "تاپۆ و بوومەلێڵ" و "خەوە بەردینە")، هەندێک بابەت هەن کە دووپات و دووپات دەبنەوە و ئێمە چەند بابەت بە قەڵەمی چەندکەس دەخوێنینەوە کە پێشتر بە هەندێک جیاوازییەوە لە زمان کەسانی دیکەوە بیستوومانن. بۆ نموونە شیکردنەوەی دوو پارچە شیعری "خەوە بەردینە" و "شار" کە ئیتر خەریکە دەبێتە بنێشتەخۆشکە و کەمتر واهەیە دیاردەیەکی نوێ و هەڵسەنگاندنێکی پێشتر نەگوتراویان تێدا بێت. ئەوەش لەکاتێکدایە ۳۷ ساڵ دوای کۆچی بێ وادەی سوارە لە ۱۹۷٦[2]، هێشتا گەلێک لایەنی ژیان و ئاسەوارەکانی باسیان لێوە نەکراوە یان بە سووکە ئاماژەیەک بازیان بەسەردا دراوە.

با لەپێشدا دۆخی خۆم لەم ڕووەوە ڕوون بکەمەوە. من لە چەند دەرفەتی جیاوازدا کاک سوارم ناسیوە:

یەکەم، کاتێک کە دوای نەخۆشییەکی دووساڵە و کەوتن لەجێگادا گەڕایەوە سەر خوێندنەکەی و لەگەڵ ئێمەی لە خۆی کەم تەمەنتردا بوو بە هاوپۆلی قوتابخانەی ناوەندیی شاری بۆکان لە قەڵای سەردار؛

---

[1]. محەممەد بەهرەوەر؛ "شیعر وپەخشانی سوارە – لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانی زادە"؛ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەممەد بەهرەوەر؛ بڵاوکراوەی ئەکادێمیای کوردی؛ هەولێر ۲۰۱۱؛ ٤۰٦ لاپەڕە؛ کوردی

[2]. سوارە ۳۷ ساڵ ژیا و ئێستاش ۳۷ ساڵ بەسەر کۆچی دواییدا تێپەڕ دەبێت. چ هەڵکەوتێک!

دووهەم، ئەو دەمەی کە بۆ درێژەی خوێندن چوو بۆ تەورێز و تاران بەڵام لەپشووی نەورۆز و هاویندا دەهاتەوە بۆکان و سەردانی دووکانی کتێبفرۆشیی کاکم (عومەری سوڵتانی (وەفا)) ی دەکرد؛

سێیهەم، ئەو ساڵانەی وا لە تاران خوێندکاری زانکۆی حقووق بوو و منیش لە کوردستان دوورخرابوومەوە و لە تاران خوێندکاری زانکۆی ئەدەب بووم، وەک مامۆستاش لە قوتابخانەکانی "شەهری ڕەی" وانەم دەگوتەوە، جاروبارەش سەردانی ماڵی کاک سوارم دەکرد.

با هەر لێرەدا و پێش هەمووشتێک یەک مەسەلە ڕوون بێتەوە: لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە شانازیی ناسین و دۆستایەتی کاک سوارم هەبووە، هەمیشە وەک قوتابییەک لە بەردەم مامۆستاکەم دانیشتووم و شتی لێ فێر بووم و لە ڕاستیدا وانەی ئەدەب و سیاسەتم لەلای خوێندووە. بەکورتی، نامەوێت ئێستا کە ئەو بەجێی هێشتووین خۆم بکەم بە برابەش و دۆست و ڕاوێژکاری؛ لە ڕاستیدا ئەو بە کیلۆمەتر و مایل لە پێش منەوە بوو و جگە لەوەی بە شێوەیەکی یەک لایەنە کتێبی پێدابێتم، باسی سیاسی و هونەریی بۆ کردبێتم و شیعر و بابەتی نووسراوی خۆی بۆ خوێندبێتمەوە، من نووسراوێک و شیعرێکم نەبووە لە ڕووم هەڵبێت بۆ ئەوی بخوێنمەوە. با خوێنەر ئاگاداری ئەم خاڵە بێت و ئەگەر لە درێژەدا قەڵەمم هەڵخلیسکا و بە پێچەوانەی ئەوە شتێکم نووسی، بزانێ ڕاستم نەگوتووە. ئەوەش بڵێم ئێمە لە بۆکان سوارەمان بە "کاک سوار" بانگ دەکرد و من لە تارانیش هەر بەو شێوەیەم بانگ کردووە، پێم خۆشە لێرەشدا لەسەر ئەو ڕێچکەیە بڕۆم و دۆست و مامۆستاکەم بە کاک سوار ناوبەرم.

دوای ئەو سەرەتایە دەچمە سەرباسی ئەو لایەنە گرنگانەی کار و ژیانی کاک سوار کە لە سەرچاوەکاندا باسیان لێوە نەکراوە یان بە سووک و سانایی ئاماژەیەکیان پێکراوە و ڕۆیشتوون:

<u>دابەشکردنێکی نوێی شیعری کوردی</u>

لە بەرنامەیەکی تاپۆ وبوومەلێڵی سەر ڕادیۆی کوردی تاراندا، کاک سوار قۆناغەکانی شیعری کوردی بە شێوەیەکی نوێ و کەس نەبیستوو دابەش کرد. ئەوانەی وا لەسەر سوارە بابەتیان نووسیوە هیچکامیان دوور و نزیک باسێکیان لەو خاڵە گرنگە نەکردووە. با مەسەلەکە زیاتر شی بکەمەوە:

لەکاتێکدا بە شێوەی نەریتی، شیعری کوردی بە سەر <u>سێ</u> ڕەوت یا <u>سێ</u> قۆناغی <u>بڕگەیی (یا هەجایی)</u>، <u>کلاسیک (یا عەرووزی)</u>، و <u>نوێ</u> دا دابەش دەکرێت، کاک سوار مێژووی شیعری کوردی بە سەر <u>چوار</u> قۆناغدا دابەش کردووە و شێوازی <u>بەیتی</u> خستوتە سەر سێ شێوازەکەی تر. لە سەر شێوازی عەرووزی قسەیەکی زۆر نییە مەگەر ئەوەی دەگوترێت لە ساڵانێکدا سەری هەڵداوە کە شیعری بڕگەیی کوردی گەشەی کردبوو و بەم پێیە واهەیە بکرێت شیعری بڕگەیی بە شیعری کلاسیکی کوردی بناسین. شیعری نوێش کێشەی لە دوا نییە و قسەی هەمووان ئەوەیە شیعری کوردی دوای گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح هەنگاوی نایە قۆناغێکی "نوێ" و ماڵئاوایی لە قۆناغە کۆنەکان کرد.

دەمێنێتەوە دوو شێوەی بڕگەیی و بەیتی. تا ئەمڕۆ کەس لەوەی نەکۆڵێتەوە بزانێت جیاوازیی نێوان شێعری بڕگەیی و بەیتی چییە و سوارە بۆچی ئەو دووەی وا لەبەر چاوی ئێمە یەک شت دەنوێنن، لێک جیاکردوونەتەوە؟ قۆناغی بەیت بۆچی لە قۆناغی فۆلکلۆری جیاوازە و تایبەتمەندییەکانی هەرکامیان چییە؟ چۆنە کەسی دیکە لە سەر ئەو پێودانە نەڕۆیشتووە و شیعری کوردی وا وەسف نەکردووە یا

قۆناغی ئەوتۆی پێ نەبڕیوە؟ ئایا سوارە، کە شاسوارێکی ئەدەبی فارسی بوو، چەندەی لە شیعر و ئەدەبی کوردی دەزانی و چەندەی سەرچاوەی ئەدەبی کوردی لەبەردەستدا بوو بۆئەوەی بگاتە بڕیار و ئەنجامێکی وەها گرنگ؟

بە کورتی، سوارە ئەو دابەش کردنەی لە سەر بنەمای کام زانست وشارەزایی دانا؟ ئایا ئێمە دەتوانین بۆچوونەکەی بە هەند وەربگرین؟ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکە بە ئەرێ بدەینەوە، بۆچی دوای چل و چەندساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو کاتەی وا سوارە بابەتەکەی لە بەرنامەی 'تاپۆ وبوومەلێڵ' ی ڕادیۆی کوردی تاراندا ڕاگەیاند، کەس شوێنی قسەکەی نەگرت و بۆی لە مل نەدا و لە پەسندیدا هیچی نەنووسی؟ ئەگەریش وەڵام نەرێ یی بێت، بۆچی کەس بۆچوونەکەی نەخستە بەر نەشتەری ڕەخنە و هۆکاری دانەدواوەی هەڵسەنگاندنەکەی ئەوی ڕانەگەیاند؟ گەلۆ سوارە خۆی لە بەرنامەکانی دواتری تاپۆ وبوومەلێڵی ڕادیۆدا لەسەر مەسەلەکە ڕۆیشتووە؟ ئێمە نازانین. لەبەر ئەوەی بەشێک لە تۆمارەکانی ئەو بەرنامە پڕناوەرۆکە فەوتاون و نەماون. کەس هەیە لەم بارەیەوە بیرەوەرییەکی لە کاک سوار هەبێت یان باسێکی لەگەڵ کردبێت؟ جگە لە کاک سەلاحی موهتەدی، واهەیە کاک دوکتۆر ئەمیری حەسەن پوور و کاک فاتیح شیخولئیسلامی کە لەوساڵانەدا هاتووچۆی شاعیریان کردووە، شتێک لەو بابەتە بزانن. شیکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری فۆلکلۆری و بەیتیی کوردی بۆ ڕوون بوونەوەی هەڵوێستی سوارە، ئەرکێکی گرنگە و حەق نییە وا چاوی لێ بپۆشرێت.

<u>ئەفراندنی میتۆلۆژی بۆ گەلی کورد</u>

مێژووی هەموو نەتەوەیەک دەچێتەوە سەر بنەمایەکی میتۆلۆژیک (ئوستوورەی) ی تایبەت بەو گەلە. هەر بۆیەش دەگوترێت "<u>نەتەوە بە بێ ئوستوورە نابێت.</u>" ئەوەی ڕاستی بێت، سوارە خەریکی ئەفراندنی میتۆلۆژی کوردی بوو. تەنانەت ئەگەر لە سەر ئەو بڕوایە بین کە سوارە میتۆلۆژی کوردیی نەئەفراندوە بەڵکوو "کەشف" ی کردوون- وەک ئەو هەوڵانەی وا لە ڕێگای ئەفسانە ئامێزکردنی بەیتی "سەیدەوان" و "لەشکری" دا دەیدا، پرسیار ئەوە دەبێت بۆچی کەس دانی بە کارەکەیدا نەنا و شوێنی ڕێبازی ئەوی نەگرت، لە ئەنجامدا هەوڵی ئەویش بێ ئاکام و لە توێی کتێبێک دا قەتیس مایەوە و نەچووە ناو کۆمەڵانی خەڵک و مێژووی ئەدەبی کوردییەوە.

میتۆلۆژی ئێمە کامەیە؟ هەرچییەک بێت، بێگومان ڕیشەی لە ئاییندایە یا ئەگەر وردتر لێی بدوێین ئایین درێژەی ئوستوورەیە. لە ئایینە کۆنەکانی گەلی کورد یەکیان یارسان یان ئەهلی حەقە و ئەویتر ئێزەدییە. گەڕان بەدوای میتۆلۆژی ئیسلامی و تەنانەت زەردەشتیشدا ئەستەمە دیاردەیەکی تایبەت بە کوردی لێ دەستگیر بێت لەبەر ئەوەی کورد لەو ئایینانەدا لەگەڵ گەلانی دیکەی دراوسێی خۆی هاوبەشە لە حاڵێکدا ئایینی یارسان و ئێزەدی ئایینی کوردن، کتێبی پیرۆز، پەرستنگا و ئەفسانە و دۆعاکانیان هی کورد و بە زمانی کوردین، تەنانەت ئەگەر عەرەب یان تورکێکیش بەشی لە ئایینەکەدا هەبێت، دیسانەکە عونسوری سەرەکیی ئایینەکە هەر کوردییە و کورد بەپێچەوانەی ئەوانیتر، تێیاندا پەراوێز نەکراوە.

سوارە بە بڕوای من ئەو ڕاستییانەی زانیوە کاتێ لە بەیتی "سەیدەوان و نێچیروان" دا باسی عەلی بەگی داسنی (واتە ئێزەدی)، باوکی سێ کوڕەکە دەکات و بەم پێیە دەبێ هەرسێ کوڕەکەش هەر ئێزەدی

بووبێتن. ئەو بە دەستەقەسد چۆتە سۆراغی ئەو بەیتە و بەیتی لەشکری کە ئەمیان لە دژایەتیکردنی "بڵحە ڕۆمییان" دا خوڵقاوە و بزوێنەری هەستی نەتەوایەتی کوردە دژ بە یەکێ لە داگیرکەرانی خاکەکەی.

ئەم هەڵوێستانە شایانی ناسین و ناساندنن، بەڵام کاری ئەوتۆیان لەسەر کراوە؟ نا!

## ڕێئالیزمی سوسیالیستی و سوارە

مرۆڤ ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی. سوارە، لە سەردەمێکدا دەژیا کە پەتای ڕیئالیزمی سوسیالیستی بە تەفسیری ستالینییەوە، تان وپۆی هونەری ڕووناکبیرانی چەپی ئێرانی تەنیبوو. سوارەش وەک هەزارانی دیکە، بە تەواوەتی لەژێر کارتێکەریی ڕیئالیزمی سوسیالیستیدا بوو و هەموو شوێنەوارێکی هونەری و ئەدەبی بەو گەز و ڕبەیە دەپێوا و شێواز و ئوسلووبەکانی دیکەی سووک و هاسان دەدایە دواوە. ئەوە فەزای فیکریی ساڵانی ٦٠ ی زایینی ڕووناکبیرانی چەپی ئێران بوو بە کوردیشەوە.

ئێستا، چەند دەیە دوای ئەو ساڵانە، دەزانین ئەو دۆگم و یەک لا بینییە چۆن بوو بە مڵۆزم و مێردەزمەی ئەدەب و هونەری سۆڤیەت و گەلانی شوێنکەوتووی سیاسەتی ئەوان. یەک لا بینی لە هونەردا جێی نابێتەوە و زیهنی هونەرمەند لە ئازادیی بێ سنووردا نەبێت گوڵ ناکات. هەڵوێستی سوارە لەم بوارەدا پێویستی بە شی کردنەوە و ڕەخنەلێگرتن هەیە. بەڵام ئایا ئەو کارە کراوە؟ بە دڵنیایی، نا! سەیرێکی کتێبی تاپۆ و بوومەلێل ئەو ڕاستییەمان بە باشی بۆ دەردەخات.

من ئەو سێ نموونەیەم هێنایەوە بۆئەوەی بڵێم سوارە بیرمەندێکی کۆمەڵگای کورد بوو کە سیاسەتی جیهانیی دەناسی و توانای ئەوەی هەبوو سەرەهەودای هەردوکیان پێکەوە ببەستێتەوە و لە ئەدەبەوە بۆ مێژوو و لەوێوە بۆ سیاسەت، لە سیاسەتیشەوە بۆ بەختەوەری میللەتەکەی بچێت. گەلێک گەوهەری شاراوە بەتایبەت لە نووسینەکانی سوارەدایە و دۆزینەوە و شیکردنەوە و سەیقەل لێدانیان ئەرکێکی گرنگی نەوەی هاوتەمەنی شاعیر- بە تایبەت ناسیاوان و دۆستانی نزیکیەتی. دووپات کردنەوەی قسەی گوتراو هیچ ئاوێکی پێ گەرم نابێت!

## ژیانی بنەماڵەیی

بابەتێک سەبارەت بە کاک سوار کە گەلێک کەم باسی لێوەکراوە، ژیانی شەخسی و بنەماڵەییەتی. هاوسەری کاک سوار ژنێکی وەفادار، دلسۆز و دڵ گەورە بوو کە لەگەڵ هەموو قیل وقاج و سووڕ و چەرخێکی ژیانی مێردەکەیدا هەڵیکرد و پێی وەفادار مایەوە. هاوسەرەکەی تورکی ئازەربایجانی بوو و هەر لە منداڵییەوە لە بۆکان گەورە ببوو و کوردی قسەکردنەکەی لە کوردێک چاکتر بوو.

هاوسەرگیریی کوڕە ئاغای سەرەک هۆزێکی عەشیرەتی دەست ڕۆیشتووی دێبوکری لە ئەندامانی ڕەعیەت و خەڵکی ئاسایی شار، ئەویش عەجەم، لەو سەردەمەدا کارێک بوو کە پێشتر نەکرابوو و سوارەی ڕچەشکێنی بێزار لە پەیوەندە دەرەبەگایەتی وعەشیرەییەکان، بۆ یەکەم جار لەمێژووی عەشیرەتەکەیاندا کردی. هاوسەرە بەئەمەگەکەی لەگەڵ میوانداریی زۆری خزم و کەس وکار ودۆست

و برادەر و ناسیاوی هاوسەرەکەیدا هەڵیکرد و بەوپەڕی وەفا و ڕێز و چاوەدێری کردنەوە تا سەر لەگەڵیدا مایەوە و "بابەک" ی کوڕیانی گەورە کرد.

ئەوە ڕاستییەکی شاراوە نییە کە کاک سوار لە ماوەی هاوسەرایەتی هاوژینەکەیدا لە تاران هاوڕێیەکی کچی دیکەشی هەبوو کە زۆری خۆش دەویست و شیعری بۆ دەگوت و بەدەوریدا دەهات (گرنگ نییە مارەی کردبێت یان نا)، بەڵام هاوسەرەکەی لەگەڵ ئەو ناموڵایمە و گەلێک ناموڵایمی دیکەی وەک دەست تەنگی و کەم داهاتیی و لەعەینی کاتدا دڵئاوایی و دەست بڵاویی کاک سوار هەڵیکرد.

دیارە من نە ئەو هاتووچۆ زۆرە و نە ئەو پەیوەندییە نزیکەم لەگەڵ کاک سوار هەبوو هەواڵی تەواوم لە ژیانی بنەماڵەییەکەی هەبێت، بەڵام لەو هاتووچۆ کەمەدا کە بوومە، هاوسەرەکەیم وەک مرۆڤێکی خەمخۆری کاک سوار ناسی. "بابەک" ی تاقانەی کاک سواریش یادی بەخێر بێت، لەو ساڵانەدا کۆرپەیەک بوو ومن جگە لەوەی چاوم پێی کەوتبێت هیچم سەبارەت بەو لەبیر نییە.

ئەوە ئەرکی کاک سەلاح و خەڵکانی دیکەی بنەماڵەکەیانە لەسەر ئەو لایەنانەی ژیانی کاک سوار، بە تایبەت کارتێکەریی هاوڕێ کچەکەی لە سەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی شاعیر بکۆڵنەوە و بنووسن. ژیانی "بابەک" یش هەڵگری ئەوە هەیە کە بابەتی لەسەر بنووسرێت و ئیجازە نەدرێت لە ژێر ناوی ناوداری باوکیدا فەرامۆش بکرێت و لە دواڕۆژدا کەس بە هەواڵی نەزانێت. هیوادارم تابۆی عەشیرەیی لەوە زیاتر بەرگر نەبێت لەو پێداویستییە گرنگانەی سەرەوە کە یەکی وەک من بە تەواوەتی هەستی پێدەکات.

ژیانی کەسایەتی گەورەی مێژووی هەموو میللەتێک ئەوەندە "بوعد" ی زۆری هەیە کە لێکۆڵینەوەیان هاسان نییە و دەتوانرێت لەسەر هەرکامیان کتێبی سەربەخۆ بنووسرێت. هیوادارم ئەوانەی وا لەسەر کاک سوار لێکۆڵینەوە دەکەن و بابەت دەنووسن تەنیا پەنا نەبەنە بەر بیرەوەریی گێڕانەوەی بێ ئەنجام یان دووپات کردنەوەی قسەی وێژراو و سواو و شیعری شار و خەوەبەردینە و تەواو! ژیان و ئاسەوارەکانی کاک سوار زۆری بەبەرەوەیە و کاری زۆری دەوێت.

سوارە بە حیسابی ساڵ، ئەم جیهانەی گەلێک زوو بەجێ هێشت و تەنیا ٣٧ ساڵ ژیا، بەڵام بە حیسابی کارتێکەریی لەسەر ئەدەب و مێژووی گەلەکەی، ڕێگایەکی دووری بڕیی بەشێوەیەک کە بۆ زۆرکەس ئەستەمە بە تۆزی ڕێگەشی بگەن. ئەو بە کردەوە پیشانی دا "چۆن بژی" بۆ مرۆڤ لە "چەندە بژی" گرنگترە.

یادی بەخێر بێت!

لەندەن

٢٠١٣/٥/١٠